سەرۆک وەزیران: چاکسازی ئابووری و بانکی لە گرنگترین کارەکانی حکومەتە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: کە حکومەت پرسی چاکسازی ئابووری و بانکی لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی خۆی داناوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ووتی:- ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کۆمپانیای فیزا بۆ ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا ئەندرێ تۆری و شاندی یاوەری کرد.

بەپێی بەیاننامەکە، سودانی رایگەیاند: حکومەت پرسی چاکسازی ئابووری و بانکی لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی خۆی داناوەو پێشوازی هاوکاری دەکات لەم بوارەدا، هەروەك ئاماژەی بە پەسەندکردنی سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە ئەنجومەنی وەزیران کرد.

هەروەها سودانی، ستایشی هاوکارییەکانی کۆمپانیاکەی کرد لە فراوانکردنی تەکنەلۆژیای پارەدانی ئەلیکترۆنی و گۆڕینی دیجیتاڵی، جا لەڕێگەی ڕاهێنانی کرێکاران لە عێراق بێت یان لەڕێگەی بەشداریکردن لە پەروەردەکردن بۆ پرۆسەی پارەدانی ئەلیکترۆنی.

لای خۆیەوە ئەندرێ تۆری خواستی درێژەدان بە هاوکارییەکانی لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق و سەرجەم دامودەزگاکانی کەرتی بانکی عێراقی دەربڕی، و ئاماژەی بە گرنگیدانی کۆمپانیای فیزا کرد بە

پاڵپشتیکردنی پلانەکانی حکومەتی عێراق بەرەو پارەدانی ئەلیکترۆنی و چاکسازی ئابووری و بانکی، لەڕێگەی ناساندنی چارەسەری پێشکەوتوو و تەکنەلۆجیا بۆ بازاڕ، هەروەها ئامادەیی خۆی بۆ هێنانی پسپۆڕ دەربەی، جگە لە دامەزراندنی زیاتری عێراقی لە ئۆفیسەکەی لە بەغدا، بە ئامانجی گەیشتن بە 500 هەزار خاڵەکانی فرۆشتنی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە عێراق.